www.kurdistannet.org
23:21 2006-12-23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

شوننە ... مزەفەر عەبدولوەهاب

زۆرجار لەکەناڵە ئاسمانییە ناوخۆیی و عەرەبییەکان، لەسەر زاری بەرپرسان گوێبیستی ئەوە دەبین کە لەعێراقدا شەڕی ناوخۆیی (مەزهەبی – تایفی) وجودی نییە، هەندێك جاریش بەرپرسە باڵاکانی عێراقی دەڵێن شەڕی ئەهلی لە وڵاتدا ڕووناداتە... هەندێکیش هەوڵدەدەن لە گەورەیی ئەو شەڕە کەم بکەنەوە بیهێننە ڕادەی ئەوەی بڵێن ململانێی دوو عەشرەتە!

بەڵام واقیعی ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانی عێراق ئاماژە بەبوونی شەڕێکی خوێناوی ئیعلان نەکراو دەدات.

لەمیدیاکاندا باڵادەستانی هەردوو گروپی (سوننە – شیعە) یەکتری تۆمەتبار دەکەن و خیانەت و نۆکەری دەخەنە پاڵ یەکتری ئەمە ویڕای ئەوەی ڕۆژانە دەیان کەس لە هاوڵاتیانی سڤیل دەڕفێنرێن و دواتریش لەسەر شەقامی شارەکان لاشە ئەشکەنجەدراوە ساردو سڕەکانیان دەدۆزرێتەوە، گروپی فڵان هێرش دەکاتە سەر گەڕەکی فیسارو کوژراو و بریندارى لێدەکەوێتەوە.

لە بەغدای پایتەختدا هاوڵاتی عێراقی دەبی دوو جۆر ناسنامەی هەبی بەدوو ناوی جیاواز یەکێکیان (عومەر) ئەوی دیکەیان (عەلی) !

لەوە سەیرتر ئەرکی هەر عەرەبێکی سوننەیە بۆ پاراستنی گیانی خۆی دەبی ناوی هەر دوانزە ئیمامی مەزهەبی شیعە بەزنجیرە دەرخ بکات و لەگەڵ ناوهێنانی هەریەکێکیشیان دەبی (ڕەزای خوای لێ بی – قەدەسەسیرەهو – حەزرەت سەیدونا) پێشگربی ئەگینا ئاشکرا دەبی، عەرەبە شیعەکەیش دەبی وشەی (شێخ) بکاتە بنێشتە خۆشەی سەر زاری و بیکاتە پێشگری یەکەم وشەی سەرجەم ڕستەی قسەو لێدوانەکانی هەروەها پەڵەکەی نێوچەوانیشی لابەرێت!

میلیشیای مەزهەبی فڵان خەڵکی مەزهەبی فیسار لەگەڕەکەکان ئاگادار دەکاتەوە کە دەبی ماڵەکانیان چۆڵ بکەن و شار جێبهێڵن، میلیشیای مەزهەبی فیساریش هاوەن و کاتیۆشا ئاڕاستەی دانیشتوانی گەڕەکی مەزهەبی فڵان دەکا، وایلێهاتووە خەڵکی لەماڵەکەی خۆیدا دابنیشی و نەچێتە دەرەوە نەبادا بڕفێندری یاخود بەر تەقینەوە یان موشەکێکی وێڵ بکەوی!

کابرایەك باوکی شیعە مەزهەب بوو دایکیشی سوننە، بۆیە پشتی لی قایم دەکات و هەمیشە بەفیزەوە دەڵی من دووچاری نەهامەتی ئەم شەڕە نابمەوە.

ڕۆژێکیان لەبازگەیەکی نارەسمی یەکێك لەو گروپە مەزهەبیانە لە ئوتومبێلەکەی خۆی دەیهێننە خوارەوە لی ی دەپرسن.. تۆ چیت؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵی من (شوننە) م! دیارە وا هەست دەکەن کە گاڵتەیان پی دەکات، بۆیە دەیخەنە ژێر ڕەحمەتی قۆنداخی کلاشینکۆفەکانیان، دواتر کابرا بە بریندارییەوە هاوار دەکات: لێم مەدەن من باوکم شیعەیەو دایکم سوننە، بۆیە دەڵێم من (شوننە) م.

لەبەرئەوەی کابرا فیفتی فیفتی دەرچوو بۆیە گروپی خاوەن بازگەی نارەسمی ڕقیان لێهەڵدەستی و میلی کلاشینکۆفی لی ڕادەکێشن و چەندین فیشەك دەکەنە جەستەی (لە حەوزەوە بەرەو خوارەوە)، تاکو ئێستاش کابرا بەدەم (شوننە) یاتی خۆیەوە دەناڵێنی!. ئەم مەسەلەیە ئەوەی بیرهێنامەوە کاتی کوردستان لە گەرمەی شەڕی براکوژیدابوو هەرکاتی گەیشتبایەتە بازگەی حزبی فڵان دەبوایە دوور لەحزبی دژو شەڕکەر ناسنامەی حزبێك یاخود ڕێکخراوێکت هەبوایە چونکە (ناسنامەی باری شارستانی) گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو بگرە هەر نەدەخوێنرایەوە، هەروەها گەر ئەندامێکی خێزانەکەت لەو شارەی حزبی فڵان کۆنترۆڵی کردووە سەر بەحزبی فیسار بوایە ئەوا دەبوایە بەهۆی ئاگادارکردنەوەیان شارەکەی خۆت چۆڵ کردایە ئەگینا ڕووبەڕووی کارەسات دەبوویتەوە.

لەو ماوەیەدا حزب هەبوو زۆر سوودمەندبوو دەیان هەزار کەسی لی کۆبۆوەو وەکو ئەندام ناسنامەی بۆ کردن بەبی ئەوەی بەدوایاندا بچێت و سەردانیان بکات و ڕاڤەی ئامانج و پەیڕەو و پرۆگرامی خۆی بکات و تەنانەت بی ئەوەی فلسێکی سووریش سەرف بکات!

بێگومان هەڵگیرساندنی ئاگری هەر شەڕێك کارێکی سانایەو تەنها ساتێکی پێویستە، بەڵام کوژاندنەوەی ئەو ئاگرە کارێکی ئاستەم و قورسەو چەندین ساڵی گەرەکە بۆئەوەی ئاسەواری لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵبکێشری و تەنها وەکو مێژوویەکی ڕەش بمێنێتەوە، خەتەرناکترین شەڕیش، جەنگی ناوخۆیی یە.

دیارە گەلی کورد بەو قۆناغەدا تێپەڕی و تیایدا زەرەرو زیانێکی زۆری بەرکەوت، بەڵام دەردەکەوی عەرەبی سوننەو شیعە لەعێراق پەندییان لە ئێمە وەرنەگرتووەو لەو مەسەلەیەشدا خەریکە قۆناغی سەرەتایی دەبڕن.

ڕاپۆرتەکەی بێکەر- هاملتۆن

مزەفەر عەبدولوەهاب

وابڕیارە دوای ڕاپۆرتی (بێکەر-هاملتۆن) چەند ڕاپۆرتێکی دیکە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو پنتاگۆن و ئەنجومەنی ئەمنی نیشتمانییەوە ئامادەبکری و بخرێتە بەردەست سەرۆك بۆش و ئەویش بەدەوری خۆی لەسەر ڕۆشنایی ئەم ڕاپۆرتانە سیاسەتی تازەی ئیدارەکەی لەهەمبەر عێراق ڕابگەیەنێ.

ڕاپۆرتەکەی (بێکەر-هاملتۆن) ناحەقییەکی زۆری بەرامبەر کورد نواندو تەنانەت هیچ جۆرە حسابێکی بۆ بوونی لەعێراقدا نەکردووە.

کاتی خوێندنەوەیەك بۆ ڕاپۆرتەکە دەکەین لەپشت دێڕەکانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوی کە تاکو ئەمڕۆ سیاسەتی ئەمریکا لەعێراق سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە ئەوە گەر هاتوو شکستی نەخواردبی، هەروەها لەبەرئەوەی ڕاپۆرتەکە خوێندنەوەیەکی ناواقیعیانەی نێوخۆی عێراقە بەوەی هەوڵدەدات بەهەرشێوەیەك بێت عەرەبی سوننە مەزهەب لەسەر حسابی گەلی کوردو عەرەبی شیعەدا ڕازی بکات و کۆمەڵێك دەستکەوتیان پی ببەخشی گەر بێت و وەکو ستراتیژێك پیادەبکری ئەوا لەئاکامدا شکستێکی دیکە دەستەبەر دەکات.

لێرەدا مەبەستمان ئەوەنییە ئەگەری ئەوە دابنێین کە سەرۆك بۆش ڕاپۆرتەکە فەرامۆش بکات یان نا، یاخود ئەو ڕاسپاردانەی دژایەتی مافە ڕەواکانی کورد دەکەن بەهەندیان وەرنەگری یاخود بەپێچەوانەوە، بەڵکو مەبەستمانە قسەیەك لەسەر ئەوە بکەین، بۆچی ئەم ڕاپۆرتە؟!

بۆچی گروپی لێکۆڵینەوەی عێراق دەرحەق بەکورد ئەم جۆرە بۆچوون و بیرکردنەوەیەیان هەیە؟! ئایا کوردو سەرکردایەتی سیاسیەکەی دژایەتی ئەمریکای کردووە یاخود هەمیشە خۆیان بەدۆست و هاوڕی ی زانیوە؟!

ئایا سیاسەتی کوردیی کەم و کوڕی هەبووە یاخود هەڵەبووە، یان ڕاپۆرتەکە تەنها گەمەیەکی سیاسییە؟!

مەبەست لە ڕاپۆرتەکە هەرچییەك بێت دەرەنجام لاوازیی لەسیاسەتی کوردیی دەردەخات... سەرکردایەتی سیاسی کورد تاکو ساتی نوسینی ئەم چەند دێڕە پەیمانێکی مۆرکراوی لەگەڵ ئەم وڵاتە زلهێزەدا نییە بۆئەوەی لەگۆڕانکارییەکی (180) پلەیی لەم شێوەیەدا ئیستێك بە بەرپرسەکانی بکات و

بڵی ئێمە لەشەڕ پاڵپشتی ئێوە بووین، زەمینەی سەرکەوتنمان بۆ خۆشکردن، ئێستاش هەموو جۆرە هاوکارییەکتان دەکەین و ئێوەش دەبی ڕێز لە ئیمزاکەی خۆتان بگرن! جگە لەمەش سەرکردایەتی سیاسی کورد هەمیشە دوای ڕوداو، دوای گۆڕانکاری دەکەوێتە خۆو هاواری لی هەڵدەسی، وردبوونەوەو شیکردنەوەیەکی تەندروستی پێشوەختی بۆ مەسەلەکان نییە بۆئەوەی بەرلەڕووداو بەماوەیەکی قیاسی مشوری خۆی بخوات!

سەرکردایەتی سیاسی کورد تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ سیاسەتەکانی خۆی لەسەر بنەمای دۆستایەتی و برادەرایەتی و بەڵێنی زارەکیدا بنیات ناوەو عاتیفەش ڕۆڵی کاریگەری هەیە لەسەر هەڵوێستەکانی ئەمەشیان ئاشکرا لە دانوستانەکانی سەبارەت پرۆژەی دەستوریی هەمیشەیی عێراق و دواین هەڵبژاردن و هتد... ڕەنگی دایەوە.

سیاسەتمەدارانی کورد لەو گۆڕانە مەزنەی عێراقدا نەیانتوانی هاوکێشەکە بەرەو بەرژەوەندییەکانی کورد ئاراستە بکەن، نەیانتوانی لە ئەمریکا لۆبییەکی بەهێزی کوردیی دروست بکەن تاکو کاریگەرییان لەسەر هەردوو حزبی باڵا دەستی ئەمریکی و تەنانەت ئیدارەی سەرۆك بۆش هەبێت، نەیانتوانی وەکو یاریزانێکی کاریگەر لە گۆڕەپانی ناوخۆی پڕ لەململانی ی کۆنگرێس و بڕیار بەدەستاندا وجودی خۆیان بسەپێنن، گەر ئەو کارانەیان کردبا ئەوا سیاسەتمەداران و بەڕێوەبەرانی ئیدارەی ئەمریکی هەرکاتی باسی عێراقیان کردبا ئەوا لەکوردو کوردستانەوە دەستیان پێدەکرد!

کاتێك ڕای گشتی کوردیی لەئەنجامی ڕاپۆرتی (بێکەر-هاملتۆن) دا دووچاری نیگەرانی و دڵتەنگی دەبنەوە ڕەنگە یەکێك لەو سیاسەتزانانەی کورد بڵی، پێویست بەو هەموو هەرایە ناکات (هەورێکی بەهارە، چەند ساتێکەو تێدەپەڕێت) !

ئەگەر بیرکردنەوەی سەرکردەیەکی سیاسی بەم شێوەیە بێت، حەقی ئەوەمان نییە سوکە گلەییەك ئاراستەی مام بێکەرو خاڵە هاملتۆن بکەین!